# دادگای دیکتاتۆر یان دیکتاتۆریەت

ساڵح نیکبەخت
لە فارسیەوە: دڵشاد خۆشناو

240 ساڵ پێش ئێستا ساڵی (1764) نوسەرێکی لاو بەناوی (چزارە بەکاریا) لە (میلان)ی ئیتالیا، کتێبیکی بچوکی لەژێر ناونیشانی (تاوان و سزا) بڵاوکردەوە کە سەرەتای گۆڕانکاریەکی قووڵ بوو لە سیستەمی ماف و سیاسەتی سزا لە وڵاتە ئەوروپیەکان لەسەردەمی رۆشەنگەریدا، بەکاریا بەو کتێبەی بووە بونیادنەری قوتابخانەی (سوودی کۆمەڵایەتی) لەمافی سزادا و ئەندێشەکانی جان جاک رۆسۆی تەواو کرد،

بەکاریای لاو کە بە هۆی نوسینی ئەو کتێبە نازناوی قارەمانی ئازای میلانی وەرگرت، لە تیۆرەکەی خۆیدا دژی توانای رەهای دادوەر و هێزی سیاسی دادوەر لە دانانی یاسای سزا و جێبەجێکردنی سزای قورس راوەستا. ئەو باوەڕی وابوو لە کاری سزادا نابی تەنیا سەیری لایەنی یاسایی تاوان بکرێت و کاریگەری کۆمەڵایەتی تاوان و سزا لەبەرچاو نەگیرێت. یەکەمین خاڵی بەکاریا ئەوەیە کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دەبی زەروری بوونی جێبەجێکردنی سزا دەربخات. باوەڕی وابوو یاسادانەران کە بڕیاری دانانی یاسایان بە گوێرەی پەیمانی کۆمەڵایەتی لە خەڵک سەندوە، دەبی لەکاتی دانانی یاساکانی پەیوەست بە تاوان و سزا، سودی کۆمەڵیان لەبەرچاو بێت، و بەر لەوەی بیر لە جێبەجێکردنی سزا بکەنەوە بیر لە کاریگەریەکەی بکەنەوە لە کۆمەڵدا. بەکاریا دەیویست بیسەلمێنێت کە تاوان و هەر دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی شتێکی تەواو بوو و هەمیشەیی نییە و سزای هەر تاوانێک دەبێ ئەوەندەی زیان و کاریگەریە خراپەکەی بێت لە کۆمەڵدا. ئەوروپیەکان ئەو کتێبەیان بە بانگێشەیەکی ریفۆرمیستەکانی میلان لەقەڵەمدا لە دژی پاشماوە تاریک و نادیارەکانی سیستەمی ماف و بەدرەفتاری کەنیسەکان و پشتگیریان لی کرد. دوو ساڵ دوای ئەوە واتە(1766) کتێبی بەکاریا لە پاریس چاپ و بڵاوکرایەوە و لە کەمتر لە 6 مانگدا 7 جار چاپ کرایەوە. هاوکات لە ماوەی یەکساڵدا پتر لە 10 جار لە پایتەختەکانی ئەوروپای رۆژئاوا چاپ و بڵاو بووەوە ئەمە لەکاتیکدا بوو کە ئەوروپا پێشەنگی ئازادی و شۆرش، (کرامول)و هاوبیرەکانی ئاسۆی ئەورپایان رەنگاورەنگ کردبوو. (ڤۆلتێر)و(دیدرۆ) و دواتریش(منتسکیۆ)و(رۆسۆ) رێبەرانی شۆرشی گەورەی فەرەنسا و نوسەرانی ئینسکلۆپیدیای جیهان و(تۆم پین) ی شۆرشگێڕی لاوی ئەمریکی پێشوازیان لە دیدگاکانی بەکاریا کرد، لە فەلسەفەی مافدا، تیۆرەکانی بەکاریا بوون بە بەردی بناغەی ریفۆرم لە یاسای سزای ئەوروپا و ئەمریکای باکور. بەم شێوەیە قارەمانی ئازای میلان بووە خوای دوو کەعبەی ئازادی لە دوو لای ئۆقیانووسی ئەتلەسی .
بەڵام زۆری پێنەچوو ناوەندە دادوەری و زانکۆییەکانی ئەوروپا کە لە ژێر سێبەری ئەندێشەکانی کەنیسەی رۆما بوون، روبەروی تاوانبار دەبونەوە وەکو گوناهکار و جێبەجێکردنی سزاکەیان حەتمی دەکرد و زۆریش بە راستیان دەزانی، تیۆرەکانی بەکاریایان ژەهراویکەر و شەیتانی لەقەڵەم دا .تزارەکانی روسیا و پاشماوەی ئیستیبدادەکان لە خۆرهەڵاتی ئەوروپاش تا 140ساڵ دواتر نەیانهێشت ئەو کتێبە بۆزمانی ئەوان وەربگیرێت .
دوەمین خاڵی کتێبەکەی قارەمانی میلان ئەوەبوو کە پشتی بە وەدەستهێنانی دڵنیایی کۆمەڵ هەبوو لە جێبەجێکردنی سزاکان بوو نەک توندی سزاکان. ئەوەیش هەروەکو (منتسکیۆ) و(رۆسۆ) نوسەرانی رۆحی یاساکان و پەیمانی کۆمەڵایەتی، لەوباوەڕەدا بوو کە ئەوەی پێش بە روودانی تاوان دەگرێت حەتمی بوونی کاری سزاکانە بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەموو کەس نەک توندی

سزاکان، ئەوەی کە بەکاریا باوەڕی پێ هەبوو و پێی لەسەردادەگرت(سودی کۆمەڵایەتی) سزاکان بوو کە لە راستیدا ئەنجامی راستەوخۆی ئەو دوو خاڵەی سەرەوەیە .تاواناسی لاو بە چاکی گەیشتبوە ئەو ئەنجامەی کە لە رەفتار لەگەڵ مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان دەبی سود و زیانی بۆ کۆمەل لەبەرچاو بگیرێت .لەبارەی تاوانیش بڕوای وابوو، چونکە تاوان وەکو دیاردەیەک دەبیَتە هۆی دروستکردنی شێواوی لە کۆمەڵدا دەبی لە کاری سزاکانیشدا حەتمەن و زەرورە کە َسودی‌ک بە کۆمەڵ بگات. بەم شێوەیە لەگەڵ ئەوەی کە بەکاریا زۆر جەختی لەسەر چاککردن و بڵاوکردنەوەی یاسا بۆ زانیاری گشتی کردوە، ریَنماییشی کردوین کە:

1 . ئەشکەنجە و دیکیۆمێنت دروستکردن و هەر شتێکی نائەخلاقی بۆ سەلماندنی تاوان قەدەغە بکرێت .

2 دادگای تاوانبار خێرا و بە میهرەبانی و یەکسانی رەفتاری لەگەل بکرێت دوور لە ترس و تۆقاندن، سزای لە سێدارەدانیش قەدەغە بکرێت .

3 لە جێگای سزای فیزیکی سود لە زیندان وەربگیرێت و ئامانجیش چاک کردنی تاوانبار بێت . هەرچەندە (ئەمانۆێل کانت)ی فەیلەسوفی ناسراوی ئەلمانی کە بە نوسینی کتێبی (توخمەکانی ئەوبەری سروشت تیۆرەکانی ماف) ناوبانگی ئەوروپایی پەیدا کردبوو، لە جێبەجێکردنی سزادا، هیچ مافێکی بۆ کۆمەڵ نەهێشتبوەوە و ئوسولی یەکسانی و ئەخلاقی بە رێبەری جێبەجێکردنی سزاکان دەزانی و دژی قوتابخانەی سودی کۆمەڵایەتی بەکاریا و رۆسۆ راوەستا، بەڵام تیۆری بەکاریا هێشتاش سێبەری بەسەر سیستەمی مافی نویَدا هەیە، ئێستا زۆر کەم لە یاسای وڵاتانی جیهان دەبینی کە هەموو یان هەندی لە تیۆرەکانی بەکاریای تێدا نەبێت .
ئیًستاش دوای 240 ساڵ دوای چاپ و بڵاوبونەوەی کتێبی(تاوان و سزا)ی بەکاریا، لە دادگایی سەددام حوسێنی سەرۆک کۆماری داماڵراوی عێراق لە نوێوە ئەو هزرە هاتۆتە گۆڕی، ئایا سەددام بە ناونیشانی کەسێکی تاوانبار بە گوێرەی ئوسول و یەکسانی و دادپەروەری دادگایی بکەین و سزای بدەین، یان لە دادگایی و سزاکانی ئەو سود بە کۆمەڵگای جیهان بگەینین و واق وڕماویان بکەین. راستیەکەی ئەوەیە کە تاوانەکای سەددام لە ماوەی 35 ساڵی رابردودا ئەوندە دیار و بەرچاوە وابزانم هیچکەس جەسارەتی ئەوە ناکات کە نکوڵی لێبکات. ئەو بەدبەختە کە هەمیشە بە خەون ژیاوە ئێستاش هەر خۆی بە سەرۆکی عێراق دەزانێت و لەبیری ئەوەیە کە دەستەڵات بگرێتەوە دەست لە ماوەی 25 ساڵی دەستەڵاتی راستەوخۆیدا هەرخۆی بە تەنیا سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و سەرۆکی گشتی هێزی چەکدار و سەرۆکی ئەنجومەنی بەناونیشتیمانی بوو و بڕیاری سەیرو سەمەرەی بەناو یاسایی دەردەکرد. و لێپرسراویەتی تەواوی کوشت و کوشتاری عێراق لە ئەستۆی ئەوە بە تایبەتیش کوشتاری کورد و شیعەکان لە کوردستان و باشوردا .
لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە عەلی کیمیاوی ئامۆزای دەلێ:زیادەرەوی نەکەن لە مەسەلەی ئەنفالدا، بەهەمووی ناگاتە 150 هەزار کەس، وەک ئەوەی کە کوشت و کوشتار تا 150 هەزار کەس موشکیلە نییە و شتێکی ئاساییە. سەدام و دارو دەستەکەی لەم تاوانانەدا هاوبەشن و ناکری لە یەکتر جیا بکریَنەوە، ئەوانە سەرەتا چەکی کیمیایان لە سەردەشت رۆژی 27/6/1987 تاقی کردەوە و سەدان کەسیان کوشت و سەدانی تریشیان بریندار کرد .دوای دڵنیا بوون لەم ئەنجامەکانی ئەم کارەیان ئیتر لە بەرەکانی جەنگی دژی ئێرانیش درێغیان نەکرد لە بەکارهێنانیدا. دواتریش هەمان چەکیان لە شاری هەڵەبجە بەکارهێنا لە دژی گەلی کورد.
سەدام بە پێچەوانەی هەموو داب و نەریتیَکی ئینسانی و جیهانی بڕیاری دا کە 8000 بارزانی بگرن کە هەموویان لە گوندەکان مابونەوە خەڵکی ئاسایی و بی دەستەڵات بوون و هیچ پەیوەندیەکیان بە سیاسەتەوە نەبوو، تا ئێستاش هەر بی سەروشوێنن .
بەم شێوەیە رودانی تاوان و زەرورەتی سزاکەی نکوڵی لی ناکرێت. بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ جێگای سەرنجی هەموو ئازادیخوازانی جیهانە جێبەجێکردنی تیۆرەکانی(بەکاریا)یە بە شێوەیەکی

حەتمی زەروری بۆ ئەنجامدانی سزاکان بە یەکسانی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لەگەڵ سەددام حوسین دەستیان هەبووە یان یارمەتیان داوە لە ئەنجامدانی تاوانەکانی. سزای سەددام و دارودەستەکەشی نابی تەنیا بە سزای گیانی و شەخسی ئەو کەسانە تەنیا لەناو عێراق سنوردار بکرێت، لە دادگایی سەددامدا پێویستە سودە کۆمەڵایەتیەکانی لەبەرچاو بگیرێت، توندی و جۆری سزاکەشیان گرنگ نییە، گرنگ ئەو سودەیە کە دادگاکە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵتی دەبیبێت، بۆیە پێویستە دادگایی سەددام ببێتە نمونەی دادگایی دیکتاتۆری بۆ هەموو جیهان، بۆ ئەوەی ئیتر نەک تەنیا لە عێراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکو لە هەموو جیهانیشدا هیچ کەسێک جەسەراەتی ئەوە نەکات کە جینۆساید و کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵک و ئازادیەکانی مرۆڤ، و دژی مرۆڤایەتی بوەستێت و خاکی وولاتەکەی و هاوسێکانی بکاتە ئەزمونگەی چەکی کیمیایی.

دادگایی سەدام جگە لە قوتابخانەی سودەکانی کۆمەڵگای رۆسۆ و بەکاریا لە هیچ شوێنێکی تر جێگای نابێتەوە. چونکە ئێستا دیکتاتۆر و دارودەستەکەی ئێستا سەرمایەیکیان نییە و ئەگەریش هەیانێت بەشی خوێنی ئەو هەموو تاوانە ناکات کە ئەنجامیان داوە، بەڵام ئەوەی کە کامە دادگا باشە بۆ ئەنجامدانی ئەم دادگایی کردنە و دانیشتنەکانی ئەم دادگایە لە کوێ بێت و دادوەرەکەی کێبێت ئەمەیان بمێنێت بۆ کاتێکی تر .